# کۆنسێرتێکی ناتەواو

کۆمەڵە شیعر

و: سەعید ئەمانی



# کۆنسێرتێکی ناتەواو

## کۆمەڵە شیعر

وەرگێڕانی: سەعید ئەمانی

پێناسە:

ناوی کتێب: کۆنسێرتێکی ناتەواو
ناوەرۆک: وەرگێڕانی شیعر
وەرگێڕ: سەعید ئەمانی
دیزاین: دەریا
بەرگ: تابلۆیەکی ئەحمەد نۆسەیف
چاپ: چاپخانەی ...
ساڵی چاپ: ٢٠١٢ زایینی
نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم

بەرهەمـــی کۆمەڵێک شـــاعیری ناســـراو و کەمتر ناسراوی دنیایە کە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی.

## ناوەرۆک:


ڕێگای هەتاو ٥
کۆنسێرتێکی ناتەواو ٦
لەگەڵ ئەوانەدا وا لەسەر دیوارەکە ... ٨
ڕەنگین پێست ١١
لە هەوای تێکەڵی کازیوە دا ١٢
منالآنی کورەخانە و... ١٤
شکۆفەکانی هەست ١٧
بەغدا بۆ ئەویندارا دوورە ١٩
شەڕ و مەترسی ٢١
شەوانە ٢٣
بانگ هێشت بۆ مەڕاسمی سەرپێچی ٢٥
خەڵک سەروەری خۆیەتی ٢٨
کرێکارانی ڕێگاوبان ٣٣
مارشی شۆڕش ٣٤
پەرچەمە هەڵدراوە کان ٣٦
چاوەڕوانی من و تۆ ٣٧
غەزەلی دڵتەنگی ٣٩
دڵێکی سەوز ٤٦
بەسەر لوتکەی گردەکەوە ٤٩
دەستانێکی پڕمێهری بێ... ٥٠
شێعرێک بۆ تەنیایی خەڵکی دونیا ٥٧
ئەستێرە بە سێدارەوە ٧٣

# ڕێگای هەتاو

نازم حیکمەت

ڕۆشنایی دێتە پێشێ و
سەر تاپا دادەگرێ
دنیا جوانە
وە دەستەکانم لێو ڕێژی حەز و تاسە
چاو لە سەر دارەکان ناگوێزمەوە
کەوا سەوز پۆشن و ئارەزوویان بەر گرتوە.

ڕێگای هەتاو بە پێچوپەنای دیوارەکاندا دەگوزەرێ
لە پشت پەنجێرەی دەرمانگاوە دانیشتووم
بۆنی دەرمان هەست ناکرێ
مێخەکەکان لە شوێنێک دا پشکوتون
دەزانم.
ئەسیر بوون گرنگ نییە
ئاگاداربە!
گرنگ ئەوەیە کە تەسلیم نەبی.

دەرمانگای زیندان ١٩٤٨

# کۆنسێرتێکی ناتەواو

## بۆ ئادوڵفوسالازار

فیدریکۆگارسیالۆرکا

بەتریفەی مەیو و خەواڵوی مانگ
هاڕمونی شەوێکی سەنگین
شکا
جۆگەلەکانی بچوکی ئاو خستویانەتەڕێ
ناڕەزایەتیەکی بێ دەنگ شاراوە بە سەوزەگیا.

سیسرکەکان بانگ بێژانی سووچی سێبەر
بێدەنگن.

مۆسیقای دڵتەنگی
ناو
میوانخانەکەی کۆنی دێ
کۆتایی هاتوە و
دێرین ترین ئەستێرە

دواین ئاڕشەی لە چەنگ ئەدرێ.
«با» بەرەو قوڵایی گرد و یاڵەکانی کێوی تاریک
خۆیدەخزێنێ
پیرەداریش
بەدەستە پەرتوکاوە کانی
ڕوومەتی مانگ دەڕووشێنێ.

# لەگەڵ ئەوانەدا وا
# لەسەر دیوارەکە دانیشتوون

سەید عەلی ساڵحی

لە سفرە نان و لە کتێب وشە،
چرا لە ماڵ و شکۆفەش لە هەنار،
ئاو لە پیاڵە و پەپولەش لە ئێوارە،
گۆرانیتان لە منداڵ و بزەتان لە لێومان ئەستاندووە،
ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن؟
* * *
ئێمە خەو ئەبینین و ئێوەش درۆ ئەکەن...
بە درۆ ئەڵێن ئەم کۆڵانە بونبەستە و
ئەو گۆترە باڵ کراوە، بێ ئاسمان و

سەبر و خۆ ڕاگری ئەستێرەش بێ سەرەنجام.
* * *
ئێمە بێشکە بە کۆڵەوە لە مەترسی خەندەک و
لە ڕووباری زمهەریر ئەپەڕینەوە.
ئێمە دەزانین لە پشت تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە

هێشتاش نیشانە گەلێکی ئاشکرای عەتری هۆگری و
سەلای ڕۆشنایی و پانتاییەک لە ئەرغەوان لە ئارادا.
* * *

سەرەنجام ڕۆژێک هەر لەم ڕۆژانەدا دەگەڕێینەوە
پەردە پواوە پڕ لە پرسیارەکان لا ئەدەین و
پەنجێرە تا پەنجێرە... خەڵک ئاگادار دەکەینەوە کە
لەو دیو تارماییەکانی ئەو گشتە دیوارەوە
باخێکی بەرین لە بلووغی بولبول و دەرکی هەتاو و
پڕووشەی ڕۆشنی باران لە ئارادا.
* * *

لە ئاسمان ئەستێرەکان و لە هەور باران،

ڕوانین لە دەریا و زەمزەمەش لە خەیاڵ،
کۆتر لە کۆڵان و مانگیش لە ئەویندارى،
ڕووبار لە ڕەوت و ئاوتان لە ئاوازى ئاوێنە سەندۆتەوە،
ئەی لەگەڵ ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟
* * *

ئێمە خەو ئەبینین و ئێوە درۆ دەکەن...
بە درۆ ئەڵێن کە فانۆسی ماڵەکە شکاوە و
شقارتەی ڕووداو کوژاوەیە و

جەماوەریش لە خەوی گریاندایە.
ئێمە دەزانین لەو دیو تارمایی ئەم گشتە دیوارەوە،
دەربیجەیەکی ڕووناک لە خەیاڵی شەونما و ئەستێرە
ڕواوە.

* * *

سەرەنجام ڕۆژێک هەر لەم ڕۆژانەدا
دیدەبانانی ماچ و ڕازدارانی دەریا دێن و
هەواڵی دۆزینەوەی ئاسۆی ئەرغەوان و
سەلای ڕۆشنایی و عەتری عەلاقە و هۆگری دێنن.

* * *

با وای دابنێین
سێبەرتان لە دار و پێوانەتان لە من،
خەوتان لە ڕێبوار و تەرازوتان لە تۆ،
ماچ لە باران و کیلەتان لە ئێمە،
ڕەگ تان لە خاک و خونچەتان لە چرای نێرگس
ئەستاندووە،
ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟
ئەی لەگەڵ خەون و ڕۆئیاکانماندا چی ئەکەن!؟

سەرچاوە: گۆڤاری نیگا – دەفتەری ٢١

# ڕەنگین پێست

ئەمە شیعری منداڵێکی ئافریقایی یە کە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەلاتی باشترین شیعری ساڵی ٢٠٠٥ بوە.

سانی گلوبال

من بە ڕەشی لە دایک بووم
کاتێ گەورەش دەبووم ڕەش بووم
هەر بە ڕەشیش نەخۆش دەبووم
ترسیش دامگرێ هەر ڕەشم و
کە مردیشم هەر بە ڕەشی دەمێنمەوە.

بەڵام تۆ ئەی پیاوی سپی!
لە کاتێکدا گەورە دەبی، هەروا سپی

لەبەر خۆر، سوورهەڵدەگەڕێی
کاتێ سەرماتە و دەیبەستی، شین دەبیەوە

لە ترسان، زەرد هەڵدەگەڕێی
لە کاتی نەخۆشی دا سەوزی و
کەمردیشی خۆڵەمێشی
ئێستا بەم ڕەنگاوڕەنگیەوە،
تۆ بە من ئەڵێی ڕەنگین پێست؟!

# له هەوای تێکەڵی کازیوه دا

سەعید سوڵتان پور

ئەم سلولانه چین؟
ئەم دیواره نەویه بێ دەربیجانه چین؟
جیا بۆ یەک دوو ڕۆژێک زیاتر
خۆڕاگرییەکی لەرزۆکانه له بەرانبەر سێڵاو دا
سێڵاوێکی
بناغەهەڵتەکێن.

پێکەنین دەمگرێ له ناڕاستی، نا مەردان
گریانم له ناخەوه بەڵام، به گوڵزارەکانی گیاندا ئاژین:
ئەگەر چی خەرمانەی شەو تێکەڵ به خوێنی هاوڕێکانم
و به خوێنی تازەی منیش
دێوەزمەیەکی خەڵک ئازار دەر
پیره کەمتیارێکی نابەکار
له کومیته دا، قەڵای کوشتار
هەر وا سەرگەرمی خوێن خواریه
بەڵام ئەزانم
وەکتۆفانه پڕ هەیبەتەکان سەڵام بەرزه:

ئەی باخی لە خوێن دا نیشتوو
دەستەکان
پێیەکان
وەر...ن ئەی چاوە خوێن پێوەکان
لە هەوای تێکەڵی کازیوە دا
لە پشت سەنگەرە سورەکانی ئەوینەوە
لە پشت هەوری شۆعلەو باڕووتەوە

لە گەڵ ئەو بانگانە دا، کە ئەیدا کەڵەبابی قین
لە سەربانی ماڵەکانی خەڵکەوە
لە پشت ئەم شەوەوە
ئەم شەوە بەتەمەنەوە
بەیانی خەڵک
بەیانی هەستانە.

# منداڵانی کورەخانە و
# ڕاگەیاندنی بێ پشتیوانانی وڵاتەکەم

سەید عەلی ساڵحی

سالانێکە
( وردەنان فرۆشەکان) بە گەڕەکە کەماندا ڕانابرن
چون هیچ وردە نانێکی ئەو

گشتە سفرەیە
بۆ باڵندەکانیش نەماوەتەوە.

تەنیا ئەوەندە نەبێ هێندێک شەو
کە باوک
دەس بەتاڵ بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە.

کاتێ کە باوک دەست بەتاڵ دێتەوە بۆ ماڵ
من ئەزانم
کە ئەمشەویش دەبێ بە برسیەتی سەر بنێمەوە.



من دەزانم ...بابم

لە ژێر لێوەوە ئەڵێ:
هەمو شتێک گران بوە.

من هەمو شەوێک کە دەنووم
ئاوات دەخوازم.

ئێمە نانمان نیە
سەرپەنامان نیە
پێناسمان نیە
شەومان نیە- ڕۆژمان نیە- خەونمان نیە.

هەرچیمان بوە لێرە فرۆشتومانە

جیا لە گەنجێکی گەورەی شاراوە
کە ئەو پێی ئەڵێ شەرەف.

ناوم شەڕەفە
کوڕی زار عەلی لە خێڵی پیادەکانی پاک دەشتی
وەرامینم.

منیش وەک باقی دۆستانی دیکەم
مافی مردنم نیە
کفن و دفن بۆ جێماوان گرانەو
گۆڕو گریان و پرسەش زۆری دەوێ.

ئێمە بە هەڵە هاتوینە دنیا؟
دنیا، تەنیا جێگای ئەو گەورە بێ شەڕەفانەیە
کە باڵندەکان بۆ مردن
لە قەفەس ڕزگار دەکەن؟.

# شکۆفەکانی هەست

نێرگس بابای

کوچەی باخ تەنیا
دارەکان پەتی
لە گێژی تۆفان دا
لووره لاوازەکانی با
– قرچ قرچ قرچ–
دەنگیناڵەی جاروباره
دەنگی ورد بونی گەڵاکان
گەڵا زەردەکان

گەڵا نارنجی یەکان

گەڵا سووره کان
بۆنی شێ
بۆنی باران
بۆنی گڵ

تەزووی ساردی هەوا
ئاسمانی هەوری
مژ
تاریکی
بێدەنگی
تەنیایی
پیاسە کردن لە بەر باران
تەڕ بوونی هەست
نوێ بوونەوە

دەرباز بوون لە گشت جێیەک ،
گشت کەسێک ،
گە یشتن بە خۆ .
شادابی
ڕەنگ و دەنگ
ڕووناکایی
شریخەو بروسکە

ڕێژنەیەکی توندو
سەرئەنجام
تەر بوون و
پاک بوونەوە ،
ڕوون بوونەوە .

«بەغدا بۆ ئەوینداران دوورە»
گۆتە ١٨١٩

ئەمەل جبووری

خاتوونی عەزاداری!
خاتوونی زامەکان!
خاتوونی خۆڕاگری!
وێران بوو، تێک شکاو، خوێنت لێ دەچۆڕێ و
تەم دایپۆشیوە ڕۆژەکانت.

ئاگردایدەمرکێنێ داخی دەروونی ماتەمبارت.
بەغدا... خەڵکەکەت چ سەر شێتانە
خۆشیاندەویستی.
تۆ هەم جەلادی و هەم قوربانی،
دانیشتووانت ڕازی بە مەرگەت بوون
تا لە ناوچوونی جەبباران بە چاو ببینن.

نەماوە چاوێک ئیتر،
تا بەسەر مردووەکاندا بگری.

نا، ئەمە شەڕ نەبوو.
شەڕی بەغدا، ئەوە بوو وا
لە دەروونی دایکەکاندا بوو،
لە ماتەمی منداڵەکاندا
لە زیندانەکاندا
لەم بەربوونەوەدا،
لە ئینتحاری پرسیارەکاندا،
چ سەر شێتانە دانیشتووانت خۆشیان
دەویستی.

دوور نیت ئێستا تۆ بۆ زۆرداران،
بەڵام چ دوور، چ دووری تۆ بۆ ئەوینداران.

# شەڕ و مەترسی

ن: ا. ز. ل ١٣٨٥\١٠\١٠

لە غەززەوە تا بەیرووت
بارووتە، بارووت

هەر جارە و کەسێکمان لێ کەم دەبۆوە
هێدی هێدی لە بیرمان دەچۆوە هەین
بووین

ئێمە لە بۆمبە قورسە دووهەزار دۆلاریەکان ئەترسین
ئێمە لە بڕانی کارەبا و کەمبوونی ئاو و نان
ئێمە لە بێدەنگی ڕادیۆیی و ناوی کوژراوان.

– بە کۆڵانەکانی لوبنان و هەر شوێنێکی وەک ئێران
دا –

ئێمە
منداڵانێک بووین کە بەر لە هاتنە دنیا مردبووین!

بارانی باروت
لە غەززەوە تا بەیرووت
لە بیری بردووینەوە هەین
بەڵام
ئێستاش ئەترسین.

## شەوانە

دووشێعری ئەحمەدشاملوو

شەوانە شێعرێک چۆن ئەتوانم بنووسم
تا هەم لە دڵم بدوێت و هەم لە بازووم؟
شەوانە شێعرێکی وا
چۆن ئەتوانم بنووسم؟
من ئەو ژیلەمۆ ساردەم وا لە ناخما
بڵێسەش سەر پێچپەکانە
من ئەو زەریا هێدی و مەندەم کەلە ناخما
سەڵای گشت تۆفانە کانە.

## ئاسۆی روون

رۆژێک ئیمە دیسان کۆترەکانمان دەدۆزینەوە و
میهرەبانیش دەستی جوانی دەگرێتەوە
* * *
رۆژێکی کە کەمترین سروود ماچە
هەر ئینسانێک بۆ ئەوی دی برایەکە
رۆژێکی کە ئیتر درگای ماڵەکانیان هەلناپێکن
قوفڵ ئەفسانەیەکەو
دڵیش بۆ ژیان بەسە

ڕۆژێکی کە مانای هەر وشەیەک خۆشویستنە
تاتۆ لە بەر ئاخرین وتە بە شوین وشە دا نەگەڕێ
ڕۆژێکی وا کە ئاهەنگی گشت وتەیەک ژیانە

تامن لە بەر ئاخرین شێعر،
ئازاری گەڕان بە دوای سەروادا نەبینم
ڕۆژێکی کە هەر لێوێک, گورانی نیە
تا کەمترین سروود ماچ بێ.
ڕۆژێکی کە تۆ بێی، بۆ هەمیشە بێی و
میهرەبانیش لە گەڵ جوانیا ئاوێتە بن.
ڕۆژێکی کە ئێمە دیسان دان بۆ
کۆترکانمان بڕێژین
من چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم
بگرە ڕۆژێ
کە ئیتر
نەشمابم.

# بانگ هێشت بۆ مەڕاسمی سەرپێچی

ن: ر- مەهدی پورعومڕانی

ئەمڕۆ
تەنیا ئەمڕۆ
سووتی قەتارەکان بێدەنگ کەن
سیگنالی کەشتیەکان لێمەدەن!
دووکەڵ بە دووکەڵ کێشی کارخانەکانەوە ڕەوا مەبینن!
تونێلی سارد و تاریکی کانەکان بە تەنیا بێڵنەوە!
شێرە لێنجەکانی نەوت بگرنەوە!
خۆ دنیا بە ئاخر ناگات.

ئەمڕۆ
تەنیا یەک ڕۆژ
پۆلەکانی خوێندن دابخەن!
کامێونەکان بکوژێننەوە!
کوتکەکان بنێنە سەر سندان و
دنیاش بە ئاخر ناگات.

ئەمڕۆ
تەنیا ئەمڕۆ

شەقامەکان مەماڵن!
زبڵدانەکان مەڕێژن!
بێڵەکان بە بێ نانی برژاو
لە تەنوورەکان دەرکێشن!
بە تەقەڵە ڕەنگاڵەییەکان
شێتاڵەکانی ڕووتی مەدورنەوە!
دنیاش بە ئاخر ناگات.

مەترسن
بە خاوەن کارەکانتان بڵین: مەترسن
بڵین با ڕۆژێک (( ئیش)) بێکار بێت.
تەنیا ڕۆژێکە
ڕۆژێک کە نابێتە هەزار ڕۆژ.

ئەو کاتەی کە دا ئەنیشن و
سەعات و ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان
چرکە بە چرکە ئەژمێرن
بۆ ئەوەی نەکا چەند چرکە کەمترم
بەهرە بەخشیبێ
ئەو دەمەی کە دائەنیشن و
یاسای ڕەنج و دەست ڕەنجم بۆ ئەنووسن
ئەو کاتەی بە گشت وجوودە وە سەیادن
تا نەکا بە ئەسپەکەتان بێژم یابو!

ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە منیش دەمەوێ ڕۆژێک
تەنیا  ڕۆژێک
ئەویش یەکەمی مانگی مەی
کە ڕۆژی منە
دەست لە کار بکێشمەوە!

پێویست ناکات
ئەزیەت بەر خۆتان بدەن و
حەوتوویەکم بە ناو بکەن

ئەم بەردە قورسە، نێوکتان دەخات!
ئەو یەک ڕۆژەم بەسە
تا سەرمایە
بەم زەربەیە
زرینگە بزێتە مێشکی و
دابمێنێ بۆ ئاهێک بە بەهرەی بگۆڕێتەوە.

تەنیا ئەم ڕۆژە کافییە
ڕاوەستاو و گەردەن فەراز دێمە دەرێ
سەری بەرزی پڕ غورورم
لەو ڕۆژە دا
بۆ یاساتان دانانەوێ.

# خەڵک سەروەری خۆیەتی

## شێعری کومۆنارێک، لە بەرەو پیری یەکی ئەیاردا.

**تئۆدۆر سیکس**

تئۆدۆرسیکس، کرێکاری قاڵی چن ۱۸۳۲ لە شەڕی گەڕەکی سن سری، لە باریگادەکانی فێبریە و ژوئەنی ۱۸٤۸ و هەروەها لە بزوتنەوەی خۆڕاگری لە دژی کودەتای دووی دسامبری ۱۸۵۱ دا بەشداری هەبوە و دواتر مەحکومکرا و دوورخرایەوە بۆ ئەلجەزایر. لەزیندانی دلیس دا، سەردەمێکی کە دەورەی زیندانی بە «ئەعمالی شاقە« وە تێپەڕ دەکرد، شێعری «خەڵک سەوەری خۆیەتی» نووسی (ژوئەنی۱۸۵۲) و لە فێبریەی ۱۸۷۱ دا و لە سەردەمی ڕاپەڕینی کۆمۆنی پاریس دا، بە شێوەی ڕاگەیاندنی دیواری، بڵاوی کردەوە. سیکس موبەلیغ و سازماندەری تەعاونیە کرێکاریەکان بوو. وە لە دەورانی کۆمۆن دا ڕەزمەندەیەکی ڕیزەکانی هەنگی حەوتەم بوو.

وەرێکەتوو بەرەو مەیدانی شار، ڕۆژێ وتم:
چەند خۆشە ژیان بەکارەوە،
مەرگ لە بەربەرەکانێ دا و
وتم: هەوای چارداخەکەم پشوبڕە،
دەمەوێ هەناسەبدەم.
وتم: مرۆڤەکان بەرابەرن.
وتم: کۆماری جیهانی.

بەم هۆیەوە گرتیانم
لەسیاچاڵیان پەستاوتم
بەدرێژایی چەندین حەوتوو
لەسەر کاوکۆتی گنخاو پاڵکەوتم و
دوایە کۆت و زنجیریان کردم.

بەرەو ڕهۆلی پەسیوی کەشتیەکیان بردم،
پڕلە مێشوولە و مۆریانە و
بۆپاڵ قاتلانی
مەحکوم بە ئەعمالی شاقە.

دواتر دوورتریان خستمەوە
هێندێک دوور لە زێدەکەم،
دوور لە شوێنی لەدایک بوونم
شوێنێک وا، ژن و منداڵەکانمی لێدەژیان.

دوور و دوور تر
بۆ وڵاتێک بە خۆری سووتێنەرەوە،
خاکی سووتێنەر و
هەوایەکی کە گیانی زیندانی دەبرژاند.

ئەمجار قولینگێکیان دایەدەستم

بەمنێک، کە سەر و کارم لەگەڵ ئەڵماس بوو.

بە زەردەخەنەوە وتیان:
تاوانبار! تۆ مافی کارت دەویست؟
کار بکە!
هەوای چارداخەکەت پشووبڕە؟
هەناسەبدە!

پێخوست و جنێو باران کرام
بە تاڵانچی و ڕێگریان لە قەڵەم دام.

بەهۆی ژان و ترس و ئەشکەنجەوە ژاکا وجودم
وەک زۆرلێکراوێک زمانم گەڕا.
پێم پێکەنین.

بەڵێ، ئازار، مەترسی و ئەشکەنجە و تەبعید
زەجر کوژیان کردم.

دوور لە وانەی کە خۆشم دەویستن
دوور لەوانەی کە خۆشیان دەویستم.

ئایا ئەوە بەو مانایە نیە کە کوشتویانم؟

هەرچی لە دەور و بەرم بوو بەرابەری دەویست،
هەر شتە و نیشانی ئەدام کە
منیش، خاوەنی گۆشت و پێستێکم
وەک داراکان
خوێنم سوورە وەکو خوێنیان.

هەر شتەو نیشانی ئەدام کە
دەوڵەمەند و فەقیر یانی سوود خۆر و کۆیلە
واتە ئەی هەژارا!
منی سەرمایەدار، ماف و کرێت دیاری دەکەم.

واتە ئەی نەدارا!
کاتێ تۆ ئەتوانی بخۆی، من بمەوێ.

شیلەی گیانت دەردەکێشم
وەک چەرخشت و خوێنی ترێ.

ئابەم شێوەیە بوو وتم:
لەناوچێ چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان.
وتم: زەوی هی ئەوکەسەیە دایدەچێنێ.

وتم: شیاونیە بژی،

ئەوەی کە بەرهەم ناهێنێ.

لێرەدابوو کە کوشتیانم.

سەڵای ئەم شێعرەم سەردا، تابتوانم بڵێم:
لەهەموانەوە بۆ هەموان.

ئەی جەماوەر!
بیربکەوە و وەبیری خۆتی بێنەوە
کەتۆ بەهێزی و بێ ژومار.
بەڵام کاتێ
هێز و ژومارەی زۆری تۆ
بەتاڵ بێ لە ئیدە و مەرام
هیچ زیاتر نی لەو گیاندارەی کەبار دەکێشێ بەردەوام.

بانگەوازم کرد تا بلێم، ئەی جەماوەر!
ڕزگاریت لە یەک بوونتایە.

تا پێی بڵێم
بەدوای ئەم شەوە تووشەدا
بەیانیەک لە ڕێدایە.

# کرێکارانی ڕێگاوبان

سیاوەش کەسرایی

دەشتێکی تینوو سرشت
ڕێگایەکی پڕلە هەتاو
فڕینی بە ئەسپایی با یەکی گەرم
خۆرێکی لەسەرەخۆ
بێدەنگیەکی قورس و بەرین
تاکە چادرێکی ڕەش
خیزڕێژێکی برژاوی داخی داخ
شێوەی چەند پیاوێک
بەسەر پەردەی غوبارەوە
گۆزەیەک و چەند پێمەڕە و
توانوە بە دەم کارەوە.

# مارشی شۆڕش

مایا کۆفسکی

مارشی شۆڕش لە شەقامەکاندا
پێ ئەدا بە زەوی دا
کەللە وڕ و کاسەکان ئەماڵێ.

ئێمە، هەڵکردنی دووهەمین تۆفانین،
دنیا بە چەشنی هەورێکی پڕنرکە ئەشۆینەوە.

ڕۆژەکان، ئەسپی تیژڕەون و
ساڵەکان یش، قاترێکی بێ واز،
ستایشگەرانی خێراییین وا!

دڵمان تەپلێکی پڕ هەراو هوریا!
ئایا بانتر لە ڕەنگی ئێمە تان پێشک دێ؟
ئایا  چزووی گوللە کار لە پەیکەرەکانمان دەکات؟

ئێمە لە بەرانبەر تفەنگ و سەر نێزەکاندا
حەماسە دەخوڵقێنین،
سەڵای دەنگمان، پڕ بایەخ ترینە!

مێرغوزارانی سەر سەوز باڵا دەکەن
ڕۆژەکان دەپشکوێن،
بێ! کوڵکە زێرینە، دەربکەوە!
ئەسپەکان! بە پڕتاو هەڵبفڕن!

# پەرچەمە هەڵدراوە کان

ئسواڵدو ڕاموس ١٩٠٥

ماوەیەک دەستەکانمان راوەشاند
ماوەیەکیش پەرچەمە قەدکراوەکانمان
لەمەسیری با دا هەڵدا
ئێستاش کە واین لە دەرگانەی وشیاری ڕاستە
قینەدا
سەڵاکانمان بەدوای یەکدا سەر لە ساحلی دوور
دەکوتن و دەگەڕێنەوە.

بەڵام، ئێستا ئیتر پەرچەمەکانی ئەو سەردەمانە
بەبێ پشوی با
بەپانتایی ڕواڵەتی خەواڵوی خۆماندا هەڵداوە و

گەڕانەوەی دووهەمین دەنگدانەوەی ون بوون،
لە گوێماندا دەزرینگێتەوە،
لە چەشنی خورۆشی قینێکی چاوەڕوان نەکراو.

# چاوەڕوانی من و تۆ

تەرانە جەوان بەخت

ئازارم شاراوە و
قسەکانم بە پشتیوانی بیرم
ڕەنگاڵەیی،
لە پێچەڵاوپێچی ڕێگاکانی بیرەوەریدا
چاوم بە تۆ دەکەوێ.

سێبەرەکان لە دوای حەزی ڕاستی کوژدا!
قەلبم ڕزگار

بیرم ئاسوودە، و
تۆ لە چاوەڕوانی ئاکامدا دەبینم.

بێ گومان مەجالەکانت یەک بە یەک ژوماردوە،
ڕێگا نێو بڕەکان بە باشی دەناسی و
ڕازی دڵێکی کە ساڵیانێک

لە چاوەڕوانیت دا مایەوە.

کاتژمێرێک
چاوەڕوانی من و تۆی
لە ساتەکاندا نووسی.

وەرزی هەنگامە بەسەر چوو!
لەگەڵمدا دەفتەری ژین بخوێنەوە
بیرەوەری کچێکی کە تا کازیوە ڕاوێستاوە.

# غەزەلی دڵتەنگی

داریوش سەلەحشوور

نە ئاوازی شنەیەک دەبیستم و
نە گۆوەندی گوڵەکان
بۆن دەکەم!
نە ئاسمانی ساو کەیف خۆشم ئەکات و
نە جریوەی ئەم بەرسینگ سوورە بەهاریانە
مژدەی پشکووتنم ئەدەنێ.

لە کویدام من؟
سواری شاپەڕی یادی تۆم:
ئەی هاوڕێی بێ گۆڕ و
مەزارم!

لەگەڵ تۆ دا دێتەوە یادم
بوومە لێڵی گۆپاڵ و چەقۆ
لەبەرە بەیانی
ڕاسان دا!!
ریشنە نەعرەکێشەکان

سەرخۆشانی سەدەی مردوو
کە بە ئەمری «ڕابەر»ە کەیان
جەستەمانیان شێش کوت ئەکردا
تا مەترسی مەرگ
نرخی لەبیر چوونەوەی بەهار بێت.

ئێمەش چ بێ باکانە
بە مەرگ:
پێ ئەکەنین!
بە مەرگ
کە ناچیزتر لە ئارمانەکانمان و
نزم تر لە باوەڕەکانمان بووا

بە مەرگ پێدەکەنین
چونکە ژیان
لە پێچ و خەمی چۆپی پەرچەمی
ئازادی دا
سروود خوێنی شەقامەکان بوو.

ئاخ هاوڕێی بێ گۆڕ و مەزارم،
لەبەر ئەوە نیە هەموو دڵتەنگیم
کە بیرەوەریەکانت ئەژمێرم
یان لەبەر ئەوەی کە

نرخی ئاوارەییم بە کۆڵەوە.
دڵتەنگیم گشت لەوەیە وا
« تیری خەلاس» تەقێنەکان
وانەی « ئازادی» دا ئەدەن.

دڵتەنگیم گشتی لەوەیە
کە بازاڕی پڕ فێڵی سیاسەت

داستانە «ڕەش» و « سپیە« کانی یاری و
چاوپۆشی لە پۆستاڵی « ئەرباب» ەکان و
دانانی مێشکە بچووکەکانی ڕووناکبیران
بە جێگای ئارمانەکانمان،
وای کردوە کە:
جەللادەکان بە دیار جەستەمانەوە
شێعری» ئازادی» بخوێنن!

دڵتەنگیم گشتی لەم دەربیجە بچووکانەیە،
لە دەستەو تاقمەکانی گومان!
لە ڕێبەرانێکی کە بە نێوی سوسیالیزم
لەسەر مووچەی مانگانەیان
ئینشعاب دەکەن.

یان لە سەنای ئامریکا دا

دەم لە «مافی خەڵک» دەدەن.

دڵتەنگیم لە نیگای نیگەرانی
پێشمەرگەیەکە:
کە بیرەوەری تفنگەکەی مرور دەکاتەوە
لە کۆڵانی تاراوگەدا!
لەوە دڵتەنگم بە گشتی
کە گەلانی مەزن
ڕێبەرییان سپاردە بێ بایەخان
تا ئەو جێیەی، جەللادەکان:
ئەمڕۆ کاتی سەما بەسەر پەیکەرمانەوە
سوێند بە ئازادی
دەخۆن.

بە گشتی لەوە دڵتەنگم
بیرەوەریەکانتیان لەسەر تاقەیەک داناوە
هەتا ساڵی جارێک
بەڕێوەبەری کۆڕی «ماتەم»ت بن.

هاوڕێی بێ گۆڕ و مەزارم!
وەرە،
لەگەڵ مندا وەرە
بۆ میوانی ئەم مانگە زەردە غەمگینەی

وا گشت ئێوارەیەک
بە یادی تۆ
سینگ لە لق و پۆپی دارەکانی
« گڵە سپی» ئەساوێ و
ڕەنگێک لە غەم ئەپڕژێنێ
بە کۆڵانەکانی مەریوان دا
لە بیرەوەری زەردەیەکی فواد دا
کاتێ خەڵکی بانگێشتی کۆڵانەکان ئەکرد
لە قڕمژنی ئاگری گوللە دا.

باوەڕ ناکەی:
فیلسوفانی دەورگرتووی هەنگاو درێژ
لە کایەی زیندانی کردنەکانەوە
« ڕسالەی» ڕزگاری دەرئەکەن!

کە ئازاد بوون
بۆ میوانی ئەرباب دەچن،
لە درووشمە مافی مرۆڤیەکانیش
« ئافتاوەی تارەت» چێ دەکەن
بۆ دەستانی ئینسان کوژان،
تا ئێمەش چاوپۆشی بکەین
لەوەی کە تەنیا گوللەیە

جوابی منداڵانی سنە.

لەگەڵ مناوەرە
لەگەڵ منا بۆ بینینی ئەم ژانانە بێ
کەوا سیاسەت بازەکانیش
خەڵکی برسی و بێ دەرەتان
بۆ لای خۆیان بانگ هێشت دەکەن،
دڵتەنگەکانی پاڕڵمانی ئوروپا
زۆر ویژانی سەرکەوتنە عەزیمەکان
لە بواری حیسابە بانگیەکانیان دا.

بڕواناکەی:
کە تۆیان بە سینگی دیوارەوە
لە چینی کوشتار دا دانا و
ئارمانەکانی ئێمەشیان
سپاردە سەللاخانەی ڕووناکبیرانی زار بۆگەن
ئەوانەی وا
شۆرشگێر بوونیان نیشانە گرتبوو،
تا
ئەندازیار گۆپاڵی مزگەوتی « نازیاباد»
لە تەعزیمی ئەم ئوپوزسیۆنە خەسیوەدا
پاڵەوانی « ئازادی» بێت و
حیزبوللاش

عیشوە گەری ئیسلامی دیموکراتیک!

لەگەڵ مندا وەرە،
بۆ هەرێمی دڵتەنگیەکانم
دیسان لەگەڵم وەرە
بۆ کۆڵانەکانی خەڵکێ

لە چاڵی هەژاری دا
بۆ جێگایەک
نانی تیا دەکەن بە ئاڵا.

لەگەڵم دا بمێنەوە
هێشتا ماوە
بچینە سەردان و دیدار
بمێنەوە لەگەڵ مندا
ئەی هاوڕێی بێ گۆڕ و مەزار.

تورنتۆ ١٣٨٥/٤/١٠

# دڵێکی سەوز

فاتمە ئەبتەحی

دیوارەکان
شار دیوار
خۆڵەمێشی
حەوشە کەسەر
مێژویان بەسەردیوارەکانی شارەوە نوسیوە
بە قیلی تواوە
دەستە سوتاوەکان بە شوێن دەستەکانمەوەن
بە گەچی مانگەوە
بەسەر دیوارە ڕەشەکانەوە.

تەنیا ڕەنگی
کراسە سورەکەی کوڕێکی دوێنێ مردوو
بەسەر تەنافەکەوە دەشەکێ
(( ژیان سەنگینە))
برا چکۆلە ڕوت خەوی لێدەکەوێ
سێبەرەکانم ون دەبن
ڕۆژ ونە

کراسە سورەکە تەڕ ماوەتەوە
برا چکۆلە ڕوت
(( ژیان سەنگینە))
– من درشت تر دەنوسم
– من بە جوانی دەنوسم
–پشتاو پشتم خۆش نووس بووە
– من بە خوێن
کوڕانی قوتابی
جانتای ڕەش بە کۆڵەوە

( مێژوو چ سەنگینە)
مەجید بە چی مرد؟
بە هەوای ساوی بەهاری کوێستان (من ئەڵێم)
دایە گەورە گوتی ((  ))
چەن گەرمە دالانی کۆڵانەکان
دیوارەکان چەن سەنگینن
لەخەوما چاوی منالەکان وەک چاوی قەلی لێ هات
حەمید ئێستاش هەر ڕوتە
دایک، بە گریانەوە:
(( ژیان دژوارە))
چاوی قەلەکان بە دوامەوەن
لە پێچی دیوارێک دا نوسیویانە
خۆشی دەوێ

هێمن ژیان ی
دڵێکی سەوز
پەیکانێکی سوور

لە بەر خۆمەوە دەڵێم
(( هێمن ژیانی خۆش دەوێ))
گۆرانی دەڵێم
قەلە ڕەشەکان دەبن بە بولبول
ئاوازی من،..........
گۆرانی قوتابی دەیڵێنەوە:
(( هێمن ژیانی خۆش دەوێ))
ژیان لەگەڵ دایکی ڕوو بە پەنجەرە دەگری
کراسە خوێناویەکە بەسەر تەنافەکەوە هەڵدێ
موسەلسەلەکان
بۆمب
دیوارە خۆڵەمێشیەکان
لێک بەربونی دڵێکی سەوز
مانگیش دەیبینێ
فوو لە مێژوو دەکەم
کورانی قوتابی پەتین
خوێناوی تا مۆخی ئێسکان
دایک لە تەنیشت پەنجەرە دەگری.

# بەسەر لوتکەی گردەکەوە

ئێستا، بە سەر لوتکەی گردەکەوە
که تاجێکی بەسەرەوە
لە پرژانی دوایەمین تیریژ،
لەو جێیەوە کە شەو، بە دزیەوە لە رێدا
بۆ دزینی شتە کان،
لەوێ، سێبەرەکان لە بزوتن دان ئێستا
سەردەمێک دۆستان بوون و
ئێستاش بێگانە کانن
وە دەیشارنەوە
ئەوەیکە سەردەمانێک هی من بوو.

کورتە شێعرێکی شاعری ئیتالیی ئسوالدو ڕاموس. لەدایک بووی١٩٠٥.

# دەستانێکی پڕمێهری بێ بەڵام و ئەگەر و ئاشکرام گەرەکە

شێعرێک بۆ کوبرا ڕەحمانپوورەکان. بە بیانوی بەشداری لە کەمپەینی داکۆی لە ژنانی بە ئێعدام مەحکوم کراو دا.

مەرجان ئەنساری

چارەنووسم ئەپشکنم
کێ بوو یەکەمین نەیارم
لە کوێوە چرۆی کرد نەمامی لادانم
چییە چەقاڵەی میوەی ئەم شکۆفە لارە؟
* * *
لەسەر چوارپایەی تەنیاییم
لەچواردیوارییەکدا دانیشتووم
لەنۆرەدام تا لە نۆبەی خۆم دا بانگم کەن:
فاتمە...
تا دیسان شەڕم لەگەڵ بکەن، ئەشکەنجەم بدەن

بابزانم شانس و بەخت چیم پێدەڵێن
شێلاقە یان زیندان
مەرگە...یان!...

هەرچەند
جەستەم نازانم لە کەیەوە
لەگەڵ شێلاق و لێدان دا ڕاهاتوە و
ڕۆحیشم نازانم لەکەیەوە
عادەتی بەسووکایەتی و لەخۆ بێگانە بوونە
گرنگ نییە
ئەزانم چۆن خۆیان لەبەردا ڕاگرم.

شێدارە سینگی باڵنجەکەم هەرچی شەوە
بەفرمێسکی بوغز و قینم
هەوەڵین و ئاخرین یاری وەفادارم بوو
تەنیا پەناگەم ئامێزی گەرم و پڕلە هێمنی ئەوە.

چارەنووسم ئەپشکنم
کێ بوو یەکەمین نەیارم
لەکوێوە چرۆی کرد نەمامی لادانم
چییە چەقالەی میوەی ئەم شکۆفە لارە؟

* * *

کچۆڵەیەکی سەرگەردان بووم
حەیران و پڕلەپرسیار بەدوای مێهری دایک و بابەوە
بۆچی کەم، یان، ون بوو نیگای پڕلەخۆشەویستیان؟
لەبەرچی دەستەکانیان بەرەڵا کردم

وشەیەکە، چی بوو تاوان؟ کواوڵامم؟
کچۆڵەیەک بووم بێ ئەزموون
لێم روون نییە و تێناگەم
چییە جیاوازی کچ و کوڕ
یان
پیاو و ژن؟
چییە جیاوازی دایک و باب؟
بێ مانایە لەلای منداڵان جیاوازی ڕەگەز
کامەیان دلۆڤان ترن
کامەیان چارەساز ترن.
میلاکی گرنگ ئەمەیە
کە نازانن من هەردووکیانم خۆشدەوێ
تەنانەت، هەرئێستاکانێش
هەرچەند هەرکمان لارێ دەرۆین
پێشمان وایە بەجێ دەرۆین.
* * *
بەبێ بەڵگە بەهانەدەگرن و دەڵێن
« ژن بێ دەرکە و بیری کورتە«
ئەمانە گشت قسەی سووکن
ئەمانە گشت حەدیسی بێ ناوەرۆکن
سەرپاک بەهانەو درۆیە
بۆ دیلکردن و ئەسارەتی من و تۆیە.

تا لە دەست یەکسانی ڕاکەن، چییان نەهۆنیوەتەوە؟
تا پێمانبلێن سەرابە، چییان نەدۆزیوەتەوە؟
ئەم گشتە ناڕەواییە چۆن وێستاوە
لەسەر پایەی سستی درۆ؟
لەسەر ئەساسی سوننتە یاسای ژن و مناڵ داری
ئەمە هەموو کێشەکەیە
بۆتە هەوێن لە ئێران دا نەریتی کۆن
بۆگیرسانی یاسای ئەمرۆ.

لارداندرا بناغەی دیواری هەستیم
بۆیەش لارە پەرژینی باخی زیندەگیم.

چارەنووسم دەپشکنم
کێ بوو یەکەمین نەیارم
لەکوێوە چرۆی کرد نەمامی لادانم
چییە چەقالەی ئەم شکۆفە لارەم؟
* * *
دەبم بەبووک
چ شانسێکە!
هەتا دوێنێ یاریم دەکرد
لەگەڵ سۆما و ئاسۆ و منالانی تر.

تەمەن چەندە زووتێپەڕی
دوێنێ نۆساڵە بووم و ئەمڕۆ دە
ئێستاکانێ خۆم بوومە بووک
بووکی ڕاستی
دەڵێن زاوا پۆڵدار و چل ساڵ تەمەنە.

سەرەتا زۆر خۆشەویست بووم
چەشنی گوڵێک لەسەر دەست بووم
باڵنجەکەم بیر چوو بۆوە
دەستی غەریبیم تەواو لێ نزیک ببۆوە.

زۆر پێ نەچوو
ڕۆژی شادمانیم ئاوا بوو
شەوی چارەڕەشیم داهات
بەرەو دنیایەکی تریان برد منی تەمەن دەساڵانە

دوای هەڵاتن بە ڕۆژ و شەو
ئاوارە بووم بەکۆڵانا
پیرە ژنێک ددان کەل و چڵکن و کۆم
داوی داخست و پێوە بووم
بەباشی لە خشتەی بردم
گزە و دزی و درۆی لام حەڵاڵ و

گیرفان بڕینی فێرکردم.
بوومە ژنێ باڵابەرز و شیرین ئەندام
دوای چەند ساڵێ
بوومە ژنێ پەرچەم درێژ، ئەفسووناوی
مشتەری دێنایە ماڵێ.

جەستەیەکی لەبەردڵان لەلای پیاوان
کەس بۆ هەستم بەهایەکی دانەدەنا
لەبەر شەوارەی جەستەما
پێیان بە پاکیما دەنا
لەم گشتە دا، کوا ئامێزێ

چاوەڕوانیەکی لێم نەبێ؟

کوا ئامێزێ، بێ مەبەست و سەمیمی بێ؟

بۆچی! من ئێستا شتێک شک دەبەم
ئامێزی بێ چاوەڕوانی باڵنجەکەم باڵنجەکەم.

بەڵام لەم چوار دیواریەداو لەسەر ئەم چوارپایە
لەناو ئەم سەرماو شێیەدا تا مردنم
کوا لەکوێیە باڵنجەکەم دەستی بکاتە گەردنم!؟
* * *

نیگابانێ هات و هاواری کرد:
فاتمە ناسراو بە « قوروموش»
فرمێسکەکانی سڕیم و باسکی گرتم
بە تووڕەییەوە وتم: فاتمەعەبدوللاهی
نیگابانەکە پرسیەوە:
« قوروموش»!!؟
هاوارم لێ بەرزبۆوە
ڕایکێشام و ڕۆیشتین
تابزانین چی دەبێ حوکم و سزامان

چی لە چەنتە دا ئەم بەخت و شانسە
شێلاقە و زیندان یان چوونە پای دار
ڕەنگە هیچ کامیان، ببێتە سەنگسار.

وادیسانیش
چارەنووسم دەپشکنم
تابزانم
کێ بوو یەکەمین نەیارم
لەکوێوە چرۆی کرد نەمامی لادانم
چۆنە چەقاڵەی میوەی ئەم شکۆفە لارە؟
کڵافەی هەستم ئاڵۆزە و
سەری هەودای نادیارە.

# شێعرێک بۆ تەنیایی
# خەڵکی دونیا

ن: مینا اسدی

## ب

وەک بۆمب
وەک برنج
وەک باڕوت

خەون و خولیای دەریای لەسەردا بوو ماسی
خەون و خولیای دەریام لەسەردا بوو
شانیدایە بەر مۆتەکەی زۆنگاو
شانم دابە بەر وەیشومەی زۆنگاو
بە لەتە نانێک ڕازی بوو
منیش ڕازی
تۆ بووی کە خۆت بۆ ڕانەگیرا.

لەخەودا بووم
کابووس بوون خەونەکانم
لەخەودا وەبەر قامچیت دام
تۆ دەستت پێکرد
بە بۆمب و
برنج و

بارووت
برسی بووم من
برسی بووم
پێ پەتی
سەرگەردان
بە کۆڵانەکاندا دەگەڕام
دەگەڕام
ڕووخابووم من
ڕووخاو
لە وێرانی منداڵەکانم
لە وێرانی ژنەکانم.

پیاوەکانمت لەپێشتردا بردبوو
گەڕانەوەیەک لە ئارادا نەبوو
نا تەنانەت
کراسێکیش بۆ بۆن پێوە کردن
بۆچی ئاشتیم نەدەویست
دەمویست
شەڕ ئەنگێز نەبووم
ئاشتی خواز بووم و
گۆشەیەک لە خاکی دنیا
-بچووک-
بۆئەوەی تیا ئۆقرە بگرم و

ڕواڵەتەکانی تیادا بێنمەوە بەر زەین
تاریک و تێکەڵ بوون  وێنەکان
–وێنەکان لەپێشدا سووتابوون
سوتاندبووتن–
بە وەیشومەکان ڕازی بووم
بە کەمێک
بەکەم
بە تۆزێک
بە قەترە
تەنیا تا ببم
نەتهێشت.
...
لەخەودا بووم و
دێتەوە بیرم
ئەو دەشتە کاکی بە کاکیە خامۆشە
دێتەوە بیرم
دەستەکانی
چاوەکانی
ڕوانینەکانی
منالی و
تازە لاوێتییەکەیشی
دەرس و دەور و کتێبەکانی
کارنامەکەی

ورد و خاش بوون
لەسەر مینە چێندراوەکانی تۆ بوو.

تۆ مینت چاند
تا من درویێنە بکەی
کردیشت
بێ دەست و پێ
بریندار و دڵ شکاو بووم،
بەڵام
نەموت.

نە وتم
«ئەرێ» و
نە وتم
«نا»
هیچم نەوت
شادمان نەبووم بەڵام
سادە و ساویلکە بووم
ڕازی بووم بە بوون
بە هەناسەدانێک
سینەم پڕدەکرد
لە بۆگەن و باروت
چەکمەکان

چەکمەکان
چەکمەکان
قاقای سەربازان و
باخە وێرانەکان.

ڕازی بووم
بە بوون
تۆ ڕەزایەتت نەدا
دەنگم دەرنەهات

گەرووم بەخۆی وت:
«بێدەنگ... وست»
داخرا.

دەستەکانم بەخۆیان وت:
«بیدەنگ... وست»
بێ جووڵە مانەوە.

پێیەکانم بەخۆیان وت:
«بێدەنگ... وست»
ڕاوەستان.

بەڵام تۆ

نەمایتەوە
ڕانەوێستای
وەشاندت
وەشاندت
وەشاندت
تەقەت لە تەنیایم کرد
تەقەت لە بێدەنگیم کرد
من
نە شەڕم دەویست و
نە نرکەی تۆپ و تانگەکانی تۆ
دەمویست
لە زەویە بچووکە کەمدا
گەشەی نەمامەکانم
ببینم
تۆ نەتهێشت.

...
پیاوێک کە ڕادەبرد
دەیتوانی
ئەرێ دەیتوانی
هەمان ڕێبواری ڕزگار کەر بێت
هەڵقوڵێنی سەرچاوەیەکی ڕوون بوو پێکەنینەکانی
–نەک نەجات دەری هەموو زەوی

ڕزگارکەری تەنیایی من–
مەمکەکانم گوشت بەڵام
تا نەیانەوێ
مەمکەکانی گوشت
تا نەیانەوێ
لێوەکانم گوشت
تا نەبینن
وەس وەسەی ئەوچاو و لێوانە
خەواندمن
بە لای لایەی ترس
خەواندمن
دەمویست
دەیویست
دەیتوانی
خەونێک چێ بکات
لە کابووسەکانم
تا حزووری مەرگ ئاسان بکاتەوە
تا ئیتر دەمم
لەبەر ترس و خۆف
...
نەمتوانی
نەیتوانی.

...
لە مەیدانا نەبوو
ڕۆنیشتبوو
بەجامێک شەراب بەدەستەوە و
دارێکی باریکەڵە
لەتیرڕەسی ڕوانینیدا
لەمەیدانا نەبوو
نە سیخوڕ
نە قارەکان
بە بۆمب و
برنج و
باروتەوە
دارژایتە سەری
بە باوەشی کورسیەکی گوێ شەقام
ڕازی بوو
دەست لەژێر سەردا
چاو لە ئاسمان
ئەستێرە ئەژمێرێ
لە چاوەڕوانی موجیزەی خەو دا
نەتهێشت
بەکەم ڕازی بوو بەڵام
تۆ
نەتهێشت

بێدەنگ بوو
لە کۆڵان دا
لە شەقام دا
لە مەیدان دا
دەنگی دەرنەدەهات
بێدەنگ بوو
زمانی بوو
بەڵام زار داخراو
بێ شمشێر و تیغ
لە کالانیشدا
تۆ لە زمانی بەستراویش ترسای
دەرۆیشت
بێ ورتە
بێ سریوە و دەنگ
ڕام و لەسەر خۆ
بێ خەون و ڕۆئیا
لە پەیکەرەی تۆ بێ ڕۆح و گیانتر
بەڵام تۆ نەتهێشت
نەتهێشت
تۆ نەتهێشت
لێت دا
لێت دا
لێت دا

...
دەترسا
لە چراکان
کە ئیتر دانەگیرسابوون
لەو سێبەرانەی کە هەڵدەهاتن
لە دیوارەکان
کە دادەڕمان
دەترسا
تەنانەت
لە شانەکانی من
کە میوانداری گریانەکەی بوو.

ئاشتیم دەویست من
خوازیار بووم نەمرم
دەمویست تا بژیم
لەم دنیایە دا
لەم دنیایەی وا تۆ کردوتە
بە گۆڕستانێ بێ نوور و خامۆش
دەمویست هەناسە هەڵکێشم و
بەردەوام بم
دەیویست هەناسە بدات و
بەردەوام بێت
دەمویست لەسەر زەوی بم و

بڕوانم
تامەزرۆی مانەوە بووم من
تەنانەت
لە زەلكاو و
بیابانیشدا
بەڵام تۆ نەتهێشت.
...
خولیای دەریای لەسەردا بوو ماسی
خولیای دەریام لەسەردا بوو
نەبەزی لە وەیشومەی زۆنگاو
نەبەزیم لە مۆتەكەی زەلكاو
ئەوە تۆ بووی
تاقەتت نەهێنا
چنگ ئاوشی كەسانی تر بوویت و
منت فیدا كرد
بەكەم ڕازی بووم
بەكەم ڕازی بوو
تۆ هەر ڕازی نەبووی.

كەسێكم نەكوشتبوو
كەسێكم نەكوشتبوو
تەنانەت هاوسایەكم
بە وتەی ناشرین

ئازار نەدابوو.

منداڵەکانم
بە چاوی بێ سۆماوە
لە داڵانە تاریکەکان دا
ڕاخەری ژێر پێی تۆیان چنی
ژنەکانم
لە چارداخە کورتە باڵاکان دا
کراسی هەوریشمینی جێژنە ڕەسمیەکانی
تۆیان دووری
پیاوەکانم
بۆ بێ عەداڵەتیەکانت
تاقی سەرکەوتیان لێدا و
کچەکانم
چەکمە خوێناویەکانی تۆیان
لە پاکی کانیەکاندا
شۆرد.

بە ڕوود دا نەوێستامەوە
لە ئاپۆرەی جەماوەردا ون بوم
تا نەمبینی
تۆ گەڕای
گەڕای

گەڕای و
دۆزیمتەوە و
دامتە بەر زللە
بلۆقەکانی بن پێم
مۆری قامچیەکانی تۆ بوون
لە ترسی پیلانەکانت
شێعرەکانم
لە ئەوین و
بەرابەری و
ئازادی داتەکاند.

خەوتبووم
خەوتبووم
کە بە بۆمب و
برنج و
باڕووت
خەوت زڕاندم
بانگت کردمە مەیدان
قسەی من شەڕ نەبوو
نە شەڕ و
نە ئەڕتەش
تۆ قورقوشمی تواوەت کردە زارمەوە و
جەماوەری خەڵکەکەمت

لە شارەکان و
دێیەکان
بەرەو بیابانە بەڕەهووتەکان
تاراند.

من...
من تۆم لەو پەنجێرەی ڕوو بە جیهانەوە دیت
کە دەهاتی و
وێرانت دەکرد و
من و
منداڵەکنم و
وڵاتەکەمت
بە دەنگی بەرز نێو دەهێنا
لە خەودا بووم
کش و بێدەنگ
تۆ ڕاستت کردمەوە
بێزارت کردم
کەیلی بانگ و هاوارت کردم
ئێستا
من بە گەروم قسە دەکەم
تا هاوار بکات
ئێستا
من بە دەستەکانم قسە دەکەم

تا مستەکانی بوەشێنێتە بێشەرمی تۆ
ئێستا
من
بە پێ کانم قسە دەکەم
تا ڕێ پێوان بکات
بە چاوەکانم قسە دەکەم
تا بڕوانن
بە گوێچکە قسە دەکەم
تا ببیستن
ئێستا
من
سەرلەنوێ لە قۆزاغە و قەوزەی ترس ڕزگار بووم.

ئێستا
من
بە مەمکانم ئەدوێنم
تا کەیلی تەمەننا بن
بەلێوەکانم ئەدوێم
تا لە ئارەزووی ماچدا بسووتێن
بە دڵ ئەدوێم
تا لێوڕێژی هیوا بێت
ئێستا من
لەگەڵ گشت خۆما ئەدوێم

تا بێ شەرمی و ڕووداریت چارەسەر بکات
تا چارەسەری کەم
ئێستا من
بەپێوەم
بەپێوەم
بەپێوەم
ئەوە تۆیە
بە بۆمب و
برنج و
بارووتەوە و

ئەوە منم
بە بەرد و
دەست و
ئیرادەوە.

سەرچاوە: دەفتەری شێعری « دریا پشت تردیدهای توست»
ئۆکتۆبری ٢٠٠١ گوتێنبێرگ

# ئەستێرە بە سێدارەوە

فەریبا مەرزبان

لەگەڵما وەرە
وەرە و بڕوانە ئەم خۆڵ و خاکە
وەرە و مەڵێ
ئەمە سەر زەوی مردوانە
لەگەڵما وەرە خاوەران
بە دیدەی دەروون
پیا بڕاونە و
بە سەڵای بەرز
بڵێ
سەر زەوینی دەلالی خاوەران

پیرۆزترین سەرزەوینی وڵاتی منە.

لەگەڵما وەرە
تا شارێک لە خۆشەویستی و ئەوینی تیا بدۆزیتەوە.

لەگەڵما وەرە و
بڕوانە
ئەم دەستە ساردانە
ئەم سینگە سوورانە و
ئەو دڵە نووستوانەی لە ژێر گڵدا
ڕۆژگارێ،
گەرم و گوڕترین دەست
ئەرخەوانی ترین سینگەکان بوون و
ڕۆژگارێ،
پڕ حەرارەت ترین دڵەکان.

لەگەڵما وەرە و
بێڵە با
نەمامی ئەندێشەکانمانی
کە سەردەمانێک تا چ ڕادەیەک تازە بوون!
تێدا سۆراغ بگرین و
ژیلەمۆیەکی کە ئێستا
لە مجریەکانمان دا هەڵگرتووە
بەسەر ئاوی ڕەوانی خەلیج و خەزەر دا
لە بیرەوەریاندا،
بپرژێنین.

لەگەڵما بێ
لەگەڵما وەرە خاوەران
وەرە، کارەساتێک لە ئارادا نییە
تاوانێک لە ئارادا نییە
سەرەکان
بە گشتی،
بەرزن لەوێدا

بێ، تا بە چاوی خۆت ببینی لەوێ
ئاسمان نیشتۆتە زەوی و
ئەستێرەکان بە سێدارەوەن.

وەرە، تا بە چاوی خۆت ببینی
دەشتێک لە گوڵەمێلاق،
لە کازیوە و
ئەستێرە،
لە ئامێزی بیاباندا.

وەرە لەگەڵما
لەگەڵما وەرە خاوەران
لە وێندەرێ
بێ ئەژمارن
سینە گەلێکی سوور،

کە، چاو لە ڕێی تۆن.

لەگەڵما بێ
گەڵێک گەردنی هەڵبڕاو
لە فوارەی سووری خوێن
لە چاوەڕوانی
هەنگاوە بەهێزەکانی تۆدان
لەگەڵما بێ
لەگەڵما وەرە خاوەران.

پێشکەشە بە یادی گشت گیانبەخت کردوانی نێو زیندانەکانی کوماری ئیسلامی.

بەتریفەی مەیو و خەواڵوی مانگ
هارمۆنی شەویکی سەنگین
شکا
جۆگەلەکانی بچوکی ئاو خستویانەتەڕێ
نارەزایەتیەکی بێ دەنگ شاراوە بە
سەوزەگیا.

سیسرکەکان بانگ بێژانی سووچی سێبەر

بیدەنگن.



تابلۆ/ ئەحمەد نۆسەیفا